# پارێزەرانی یاسایی لە ئێدینبورگ

Legal representatives – Edinburgh – Kurdish

Updated December 2011

**بۆچی دەبێت لە راوێژکاریی یاسایی کەڵک وەرگرم؟**

داواکاریی پەنابەریەتی رەوتێکی ئاڵۆزە و کەڵک وەرگرتن لە راوێژکاریی یاسایی بەشێک لە مافی ئێوەیە.

دۆزینەوەی پارێزەرێک و وەرگرتنی راوێژکاریی یاسایی لە زووترین کاتدا بۆ ئێوە **زۆر** گرنگە لەبەر ئەوەی کە ماوەی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەکان و داکیۆمێنتەکان بۆ پشتراستکردنەوەی داواکاریی پەنابەریەتی زۆر کورتە.

ئەگەر پارەی کەمتان هەیە یان پارەتان نییە، ئەو ئەگەرە هەیە کە بە مەبەستی یارمەتیدانی ئێوە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەریەتی، راوێژکاریی یاسایی خۆڕایی بۆ ئێوە دابین بکرێت. پارێزەرەکەی ئێوە ئەم بابەتە شرۆڤە دەکات و ئەو کارانەی کە ئەوان دەتوانن بۆ ئێوەیان جێبەجێ بکەن شرۆڤە دەکات.

**لەگەڵ پارێزەری خۆتان رەحەت و رووراست بن**

وێرای ئەوەی کە رەنگە هەندێ بابەت کە بۆتان روویداوە قسەکردن لەسەریان بۆ ئێوە سەخت بێت، بەڵام پارێزەرەکەی ئێوە تەنیا کاتێک دەتوانێت بە تەواوەتی کارتان بۆ بکات کە لە هەموو شتێک ئاگادار بێت. ئەگەر هەموو شتێکی پێ بڵێن، لە ئاکامدا داواکاریی پەنابەریەتیشتان بەکەڵک دەبێت.

**شێوازی وەرگرتنی راوێژکاریی یاسایی**

لەو ریزبەندەی خوارەوەدا زانیاریەکانی پەیوەندی کردنی هەندێ گرووپی پارێزەرانی یاسایی کە خزمەتگوزاریی راوێژکاریی پەنابەریەتی لە ئێدینبورگ پێشکەش دەکەن، پێشکەش کراوە. دەتوانن لەم ریزبەندە بۆ هەڵبژاردنی پارێزەرێک و پەیوەندی کردن بەو/بەوانەوە بە یارمەتی زانیاریەکانی پەیوەندی کردنی پێشکەش کراو، کەڵک وەرگرن.

ئاماژەکردن بەم خاڵە گرنگە کە ئەم ریزبەندە تەواو نییە و پارێزەرانی یاسایی تریش هەن. ئەگەر بتانەوێت دەتوانن پارێزەرێک هەڵبژێرن کە لە ریزبەندی خوارەوەدا ئاماژەی پێنەکرابێت. ئاماژە بە ناوی کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاریی پارێزەرانی یاسایی بە پێویست بە واتای هیچ جۆرە پەسەند و/یان سفارشتێک لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەندەوە نییە. ناوی دیکەی پارێزەرانی یاسایی دەکرێت لە رێگای پەیوەندی کردن بە بنکەی پارێزەرانی سکۆتلەند (Law Society of Scotland) بە ژمارەی 0131 226 7411 وەرگیردێن.

ئەگەر وادەزانن راوێژکاریی لاواز یان خزمەتگوزاریی ناتەواوتان لەلایەن پارێزەری خۆتانەوە وەرگرتووە، دەتوانن لە نووسینگەی کۆمیسیۆنەری کۆچبەریدا (OISC) سکاڵا بکەن. زانیاریی تەواو لەسەر پێشکەشکردنی سکاڵا لەسەر ماڵپەری ئەوان بە ناونیشانی خوارەوە هەیە: http://www.oisc.gov.uk

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639

**شێوازی پێشکەشکردنی سکاڵایەک**

پێشکەشکردنی سکاڵایەک، کاریگەریەکی لەسەر داواکاریی پەنابەریەتی یان بارودۆخی کۆچبەریتان نابێت .

ئەگەر وادەزانن کە راوێژکاریی لاواز یان خزمەتگوزاریی ناتەواوتان لەلایەن پارێزەرێکی یاسایی سکۆتلەندی (پارێزەری خۆتان) وەرگرتووە، دەبێت سەرەتا سکالاکەی خۆتان بە شێوەی نووسراوە بدەن بە پارێزەرەکەتان و چوار حەوتە دەرفەتی پێ بدەن کە چارەسەریان بکات.

ئەگەر سکاڵاکەی ئێوە لە ماوەی چوار حەوتەدا چارەسەر نەکرا، دەتوانن سکاڵایەکی نووسراوەی فەرمی پێشکەشی نووسینگەی کۆمیسیۆنەری راگەیشتن بە سکاڵا یاساییەکانی سکۆتلەند (SLCC) بکەن. ئەگەر نووسین بۆ ئێوە سەختە، دەتوانن لە رێگای پەیوەندی کردن بە ژمارەی 0131 528 511 داوای یارمەتی بکەن.

لە سکاڵای نووسراوی خۆتاندا ئێوە دەبێت شرۆڤەی تەواوی سکاڵاکە بە زمانی خۆتان پێشکەش بکەن، چۆنیەتی کاریگەری لەسەرتان و ئەوەی کە بە چاکی دەزانن کە سکاڵاکەی ئێوە بە چ جۆرێکیش چارەسەر بکرێت بڵێن. هەروەها، پێویستە کە سکاڵای نووسراوی خۆتان واژۆ بکەن.

زانیاریی تەواو سەبارەت بە پێشکەشکردنی سکاڵا لەسەر ماڵپەری ئەوان بە ناونیشانی خوارەوە هەیە:

http://www.scottishlegalcomplaints.org.uk/how-to-complain/complaint-form.aspx

# پارێزەرانی یاسایی لە ئێدینبورگ:

**Drummond Miller**
32 Moray Place
Edinburgh
EH3 6BZ
تەلەفۆن: 0131 226 5151
فەکس: 0131 225 2608
dbrown@drummond-miller.co.uk

**Ethnic Minority Law Centre**
103-105 Morrison Street
Edinburgh
EH3 8BX
تەلەفۆن: 0131 229 2038
فەکس: 0131 229 2039
Edinburgh@emlc.org.uk

**D Duheric & Co Solicitors**
23 Castle Street
Edinburgh
EH2 3DN
Tel: 0131 225 5444
Mobile: 07427049669
Skype: dduheric
Damir.duheric@dduhericsolicitors.co.uk
www.dduhericsolicitors.co.uk

**McGill & Co**
34 Lochrin Buildings
EH3 9ND
تەلەفۆن: 0131 228 2083
فەکس: 0131 228 2133
vdouglas@mcgillandco.co.uk